نەوەی ئادەم بەشی خۆی لە زینا کردنی لەسەر نووسراوە، وخۆ لادان لێیان نییە وئەنجامیان دەدات: چاوەکان زینا دەکەن وزیناکەیان بریتیە لە نەزەر کردن، وگوێیەکان زینا دەکەن وزیناکەیان بریتیە لە گوێگرتن، وزمان زینا دەکات وزیناکەی بریتیە لە قسەکردن، ودەست زیناکەی بریتیە بەریەککەوتن، وپێ زیناکەی بریتیە لە هەنگاوەکان، ودڵ حەز دەکات وهیوا دەخوازێت، ودامێن ئەمانە بە ڕاست دەخاتەوە یان بە درۆیان دەخاتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نەوەی ئادەم بەشی خۆی لە زینا کردنی لەسەر نووسراوە، وخۆ لادان لێیان نییە وئەنجامیان دەدات: چاوەکان زینا دەکەن وزیناکەیان بریتیە لە نەزەرکردن، وگوێیەکان زینا دەکەن وزیناکەیان بریتیە لە گوێگرتن، وزمان زینا دەکات وزیناکەی بریتیە لە قسەکردن، ودەست زیناکەی بریتیە بەریەککەوتن، وپێ زیناکەی بریتیە لە هەنگاوەکان، ودڵ حەز دەکات وهیوا دەخوازێت، ودامێن (عەورەت) ئەمانە بە ڕاست دەخاتەوە یان بە درۆیان دەخاتەوە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: هەموو مرۆڤێک سەرەنجام هەر زینا دەکات مەگەر لەوانە بێت کە لە لایەن خوای گەورە پارێزراون لە تووشبوون بەم تاوانە، پاشان چەند نمونەیەکی لە زینای ئەندامەکان باسکرد: (چاوەکان زینا دەکەن وزیناکەیان بریتیە لە نەزەرکردن): واتا ئەگەر پیاو سەیری ئافرەتێکی نامەحرەم بکات ئەگەر بە شەهوەتیشەوە نەبێت ئەمە جۆرێکە لە زینا کردن کە بریتیە لە زینای چاو؛ بەڵام ئەگەر بە شەهوەتەوە بێت ئەوا بە دڵنیاییەوە زینای چاوە ومەترسییەکە زیاترە وبەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئافرەت سەیری پیاوێک بکات کە لە مەحرەمەکانی نەبێت بە زینای چاو دادەنرێت، وئەم فەرمـوودەیە بـۆ هەڕەشـە وئاگـادار کردنەوەیـە لـە مەترسـی نـەزەر کـردن وسـەیرکردنی کەسـی نامەحرەمی ڕەگەزی بەرامبەر چونکە پێشەکی ئەنجامدانی زینا نەزەرکردنە. (وگوێیەکان زینا دەکەن وزیناکەیان بریتیە لە گوێگرتن): واتا گوێ لە دەنگی ئافرەتی نامەحرەم بگرێت وچێژ وەربگرێت یان بە پێچەوانەوە ئافرەت گوێ لە دەنگی پیاو بگرێت بۆ ئەوەی چێژ وەربگرێت، ئەمە زینای گوێیە. (وزمان زینا دەکات وزیناکەی بریتیە لە قسەکردن): واتا چێژ وەرگرتن بە قسەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم ئەمە زینای زمانە. (ودەست زیناکەی بریتیە بەریەککەوتن) واتا دەست زینا دەکات بە بەریەککەوتن وهاوشێوەکانی. (وپێ زیناکەی بریتیە لە هەنگاوەکان): واتا مرۆڤ دەچێت بۆ شوێنی ئەنجامدانی بەدڕەوشتی وزینا ئەویش بە گوێگرتن لە دەنگی ئافرەتەکە بۆیە دەچێت بۆ لای یان ئافرەتێک دەبینێت ودوای دەکەوێت ئەمیش جۆرێکە لە زینا کردن. (ودڵ حەز دەکات وهیوا دەخوازێت) واتا دڵ هیوا دەخوازێت وبیر دەکاتەوە لە زیناکردن لەگەڵ ئافرەتان وئەمیش زینای دڵە. (ودامێن -عەورەت- ئەمانە بە ڕاست دەخاتەوە یان بە درۆیان دەخاتەوە): واتا ئەگەر دامێن زیانی کرد، پەنا بە خودا، ئەوا زینای ئەندامەکانی بەڕاستداناوە، وئەگەر بە دامێنی زینا نەکات، بەڵکو سەلامەت بێت وخۆی بپارێزێت ئەوا ئەمە بە درۆخستنەوەی زینای ئەم ئەندامانەیە. بۆیە ئەم فەرموودەیە هەڕەشەی داوە لە مەترسی پەیوەست بوون بە ئافرەتان ودەنگیان و وێنەیان ونزیکبوونەوە لێیان وچوون بۆ لایان وبیرکردنەوە لێیان، هەموو ئەمانە لە جۆرەکانی زینا کردنن -پەنا بە خودا-، بۆیە پێویستی مرۆڤی ئاقڵی ژیر ئەندامەکانی بپارێزێت لە پەیوەیست بوون وبیرکردنەوە لە ئافرەتان، وپێویستە بە گوێرەی توانا خۆی بپارێزێت ئەویش بە هاوسەرگیری کردن ئەگەر توانای هەبوو ئەگەر نا بە ڕۆژووگرتن هەروەکو لە فەرموودەی تردا، وبە پێی توانا خۆی دووربخاتەوە لە شوێنەکانی تێکەڵ بوون لەگەڵ کەسانی نامەحرەم چونکە یەکێک لە هۆکارەکانی تووشبوون بە ئەم

جۆرە زینایانە بریتیە لە تێکەڵ بوون، وئەگەر کەسێکیش ناچار بوو وتێکەڵی ڕوویدا پێویستە بە گوێرەی ئەوپەڕی توانای لە خودا بترسێت ونەزەرە نەکات وبۆ شتێک پێویست نەبێت قسە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم نەکات وسەیری نەکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8898